


## زەینەب , بووك‌و پورزای موحەممەد

زينب بنت جحش بن رئاب بن يعمر بن صبرة بن مرّة بن كبير.

زەینەب پورزای موحەممەدەو ژنێكی جوان‌و قەشەنگی سەردەمەكەی خۆیەتی. لەژێر بەزەیی‌و سێبەری ئایەتەكانی موحەممەددا شوو دەكاو تەڵاق دەدرێت. یەكەم شووی زەینەب بەدڵی خۆی بووەو دووهەم شووی بەدڵی خۆی نەبووە, بەڵكو بەفەرمانی موحەممەد شووی بەزەید كردووە. سێهەم شووشی لەبەر خاتری خوا بووە, ئەویش شووكردنەكەیەتی بەخودی موحەممەد.! زەینەب ئەو ژنە روخسار جوانە بوو كەموحەممەد سڵاواتی بۆ لێداوەو بەبینینی شان‌وشەوكەتی سوبحانەڵڵای بۆ كردووە.!

زەینەب بەهێزترین بەڵگەی سەلمێندراوی ئەو راستیانەیە كە لەم نوسینەماندا ئاماژەمان پێداوە. ئەگەرچی ویستراوە لایەنی شەرعی‌و ئەقڵی بۆ ئەم چیرۆكە پڕ لەخرۆشاویە جنسییە لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە بۆ لاهۆنرێتەوە, بەڵام نەیانتوانیوە وەڵامێكی

دروستو لۆژیکی بۆ پرسیارو رەخنەکانی ناو ئەم سیناریۆ ئاسمانییە بدۆزنەوە.

ئایەتێك لە قورئاندا هەیە دەمانباتە نێو چیرۆکێکی پڕ لەسەرسوڕهێنەری سێکسییەوە. زۆرێك لە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ, چاوەڕێی سیناریۆیەکی لەم شێوەیەوەیان لە کتێبە مێژوویەکاندا نەکردووە. پێم وایە چاوەڕێی ئەوەش نەبوون کە چیرۆکی تەڵاقدانو شووکردنی ئەم زەینەبە لە ناو قورئانیشدا باس بکرێت.

مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءكُمْ أَبْنَاءكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ.[1]

خوا لە هیچ کەسێکدا دوو (دڵ)ی دروست نەکردووە, ئەو ژنانەتان کە ئێوە پێیان دەڵێن لەجێی دایکمانن, خوا نەیکردوون بەدایکتان, ئەوانەشی بەقسەی خۆتان دەیکەن بەکوڕی خۆتان, خوا نەیکردوون بەکوڕتان, ئەوانە قسەگەلێکن کەبەسەر زارتاندا دێنو دەچن, خوا قسەی حەق دەکاو هەر ئەویش ڕێ نیشاندەرە.

1 الاحزاب 4

ڕاڤەکاراکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئەم ئایەتە لەسەر زەید, مێردی دووهەمی زەینەب, نووسراوە.[2] بۆیە پێویستە لەدەمی مێژوونوسانی ئیسلامو موفەسیرەکانیانەوە زەید بناسینو لەئایتەتەکە بگەین. زەید کێیەو بۆچی ئەم ئایەتەو ئایەتی دیکەی لەسەر نوسراوە.!

خەدیجە, پێش ئەوەی شوو بە موحەممەد بکات, خزمەتکارێکی منداڵکارەی هەبوو بەناوی زەید (زيد بن حارثة بن شراحيل بن عبد العزى بن امرئ القيس). لەبنەرەتدا ئەم منداڵە لە ڕووداوێکدا ون دەبێتو مامی خەدیجە (حكيم بن حزام بن خويلد بن أسد بن عبد العزى) لەبازاڕدا دەیکڕێ. دواتر بەدیاری پێشکەشی خەدیجەی دەکات.[3] پاش ئەوەی خەدیجە شوو بەموحەممەد دەکات ئەم کۆیلەیە لەلایان دەمێنێتەوە. مێژوو ئەوەی سەلماندووە کەموحەممەد زەیدی زۆر خۆش ویستووە. پاش

---

2 أجمع أهل التفسير على أن هذا نزل في زيد بن حارثة. بروانە هەموو راڤەکان لەراڤەی ئایەتی الاحزاب 4

3 وكَانَ زَيْد فِيمَا رُوِيَ عَنْ أَنَس بْن مَالِك وَغَيْره مَسْبِيًّا مِنْ الشَّأْم, سَبَتْهُ خَيْل مِنْ تِهَامَة, فَابْتَاعَهُ حَكِيم بْن حِزَام بْن خُوَيْلِد, فَوَهَبَهُ لِعَمَّتِهِ خَدِيجَة فَوَهَبَتْهُ خَدِيجَة لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَعْتَقَهُ وَتَبَنَّاهُ. تفسير القرطبي, تفسير الاية4 من سورة الاحزاب.

ماوەیەك ماموباوكی زەید, كەبەشوێن كوڕی خۆیاندا وێڵ بوبوون, لای موحەممەد دەیدۆزنەوە. دێنە لای و داوای لیّ دەكەن زەیدیان بداتەوە. موحەممەدیش گەڕانەوەی دەداتە دەست زەید خۆیو دەڵێت: ئەگەر ئێوەی هەڵبژارد, ئەوە بیبەنەوە بێئەوەی پارەتان لیّ بسەنم, ئەگەر منی هەڵبژارد, ئەوە لەلای خۆم دەیهێڵمەوە.

پاش ئەوەی پرسیار لەزەید دەكەن, ئەو, مانەوەی خۆی لەلای موحەممەد هەڵدەبژێرێت. موحەممەدیش ئەمەی پێخۆش دەبێتو بانگەوازێك دەكات: (یَا مَعْشَر قُرَیْش اِشْهَدُوا أَنَّهُ اِبْنِي یَرِثنِي وَأَرِثهُ) ئەی خەڵكی قوڕەیش ئێوە شاهید بن زەید كوڕی منە, میراتم دەگریّو میراتی دەگرم.

پاش ئەوەی چەند جارێك ئەم بانگەوازە بەناو هۆزەكاندا بلاّودەكاتەوە, باوكو مامی زەیدیش بەم بڕیارە ڕازی دەبنو كوڕەكەیان بۆ موحەممەد جێدەهێڵن.[4] لەبەر ئەم هۆیە كەس بەناوی زەیدی كوڕی حارثة بانگی نەدەكرد, بەڵكو ناویان نابوو

---

4 تفسیر القرطبي, تفسیر الایة4 من سورة الاحزاب.

زەیدی کوڕی موحەممەد.[5] چونکە لەکلتووری ئەواندا بەم جۆرە بڕیارانە زەید دەبێتە کوڕە تەواوی کەسەکە.

زەید یەکەم خزمەتکار بووە کەباوەڕ بەپەیامبەرێتی موحەممەد بکات. دوای ئەوەی موحەممەد کۆچ بۆ شاری مەدینە دەکات, زەیدیش کۆچ دەکات. عائیشە دەڵێت: ئەو کاتەی زەید گەیشتە مەدینە, پەیامبەر لەماڵی مندا بوو. زەید تەقەی دا لەدەرگا, کە پەیامبەر زانی ئەوە زەیدە, هێشتا خۆی نەپێچابووەوە, جلەکانی لەخۆی ئالآنو بەپەلە چوو بۆ لای, باوەشی پێدا کردو ماچی کرد.[6]

ژنێك هەیە بەناوی (أم كلثوم بنت عقبة) ئەم ژنە خۆی پێشکەش دەکات بە موحەممەد, موحەممەدیش نایەوێو لەجیاتی خۆی لە زەیدی مارە دەکات.[7] ژنەکەش ناچار بووە بەم کارەی

---

5 هەمان سەرچاوەو ناونیشان

6 تفسير القرطبي, في تفسير آية فصلت 34

7 أُمّ كُلْثُوم بِنْت عُقْبَة بْن أَبِي مُعَيْط, وكَانَتْ وَهَبَتْ نَفْسهَا لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ, فَزَوَّجَهَا مِنْ زَيْد بْن حَارِثَة, فَكَرِهَتْ ذَلِكَ هِيَ وَأَخُوهَا وَقَالَا : إِنَّمَا أَرَدْنَا رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَزَوَّجَنَا غَيْرَهُ. تفسير القرطبـــي في تفسير آية الاحزاب

موحەممەد ڕازی ببێت, چونكە نەیتوانیوە پەشیمان ببێتەوە.[8] بەم شێوەیە موحەممەد (زەید) دەكاتە خاوەن ژن.

خۆشەویستی موحەممەد بۆ زەید لەرادەبەدەر بوو, تەنانەت گەیشتبووە رادەیەك كە داوای پورزایەكی خۆی بۆ بكات بەناوی (زینب بنت جحش). سەرەتا ئەم زەینەبە رازی نەبووە شوو بە زەید بكاتو بەئاشكرا رایگەیاندووە كەشوو بە زەید ناكات. تەنانەت باسی ئەوەش دەكەن كە براكەی زەینەبیش رازی نەبووە. وایان زانیوە موحەممەد نیازی هەیە بۆ خۆی مارەی بكات.[9] لەبەر چەند هۆیەكی دیكەش, وەك هۆكارە خێڵەكیو چینایەتییەكان, چونكە پێشتر زەید كۆیلە بووە, حەزی نەكردووە زەواجوكو سەربگرێت.! بەڵام ئەم كێشەیە بەلای موحەممەدەوە ئاسانە, چونكە دەتوانێت بە ئایەت دەمكوتیان بكات. بۆیە لە قورئاندا ئایەتێك لەم بارەیەوە دەخوێنینەوە:

---

8 بڕوانە صحيح البخاري: كتاب الهبة وفضلها والتحريض عليها, باب لا يحل لأحد أن يرجع في هبته وصدقته.

9 فظَنَّتْ أَنَّ الْخِطْبَة لِنَفْسِهِ, فَلَمَّا تَبَيَّنَ أَنَّهُ يُرِيدهَا لِزَيْدٍ, كَرِهَتْ وَأَبَتْ وَامْتَنَعَتْ, فَنَزَلَتْ الْآيَة. فَأَذْعَنَتْ زَيْنَب حِينَئِذٍ وَتَزَوَّجَتْهُ. فِي رِوَايَة : فَامْتَنَعَتْ وَامْتَنَعَ أَخُوهَا عَبْد اللَّه لِنَسَبِهَا مِنْ قُرَيْش. تفسير القرطبـــي في تفسير آية الاحزاب 36

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا.[10]

كاتێك خواو پەیامبەرەكەی بڕیاری شتێك دەدەن, بۆ هیچ پیاوو ژنێكی ئیماندار دروست نییە بەئارەزووی خۆیان جێبەجێی بكەن یان نا, ئەوەی سەرپێچی بكات بەڕاستی سەرلێشێواوە.

ئیمامی قورتوبی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت ئەم ئایەتە بۆ ئەوە وتراوە تا زەینەب بە حوكمی خواو پەیامبەرەكەی ڕازی ببێتو شوو بە زەید بكات.[11] بۆیە دەبینین بەحوكمی ئەم ئایەتە زەینەب ناچار دەبێت شوو بە زەید بكات. كەسیش نەیتوانیوە لە قسەی موحەممەد دەرچێتو هەمیشە فەرمانەكانی جێبەجێ كراون. موحەممەد حوكمی ڕەهای خۆی هەبووەو هەر كەس گوێڕایەڵی فەرمانەكانی نەكردبێت چارەنووسی باش نەبووە.

موحەممەد زەیدی زۆر خۆشویستووە, ئەگەر ماوەیەك دیار نەبوایە هەواڵی دەپرسی. ڕۆژێك موحەممەد پێویستی بە زەید دەبێت, دەچێتە ماڵەكەی, دەبینێ زەینەب, بالأبەرزو سپیو جوان

---

10 الاحزاب 36

11 تفسير القرطبـــي في تفسير آية الاحزاب 36

وەك نايابترين ژنی قورەيش, وەستاوە. ئەم ديمەنە جوانە موحەممەد دەجولێنێو دەلێت: (سبحان الله مقلب القلوب). گەورەيیو دانايي هەر بۆ خوا كەدڵ لەدلان هەلدەگێرێتەوە.[12] بەم شێوەيە زەينەب دەچێتە دڵی موحەممەدەوەو زەينەبيش هەست بەم حالەتە دەكات. ئيمامی تەبەری لە تەفسيرەكەی خۆيدا نوسيويێتی: كاتێك كە خوا زانی چی كەوتۆتە دڵی پەيامبەرەكەيەوە وای لە زەيد كرد رقو كينە لە زەينەب هەلگرێت[13] تا لەيەك جيا ببنەوە. كاتێكيش زەيد دەگەرێتەوە بۆ مالەوەو زەينەب رووداوەكەی بۆ دەگێرێتەوە, زەيد بە زەينەب دەلێت: وای دەبينم چووبيتە دڵی پەيامبەرەوە, ئەلێی چی تەلاقت بدەمو پەيامبەر مارەت بكات؟ زەينەبيش دەلێت: لەوە دەترسم تەلاقم بدەيتو ئەويش مارەم نەكات. بۆ ئەم مەبەستە زەيد دەچێت بۆ لای پەيامبەرو پێی دەلێت: من زەينەب تەلاق دەدەم. پەيامبەريش بەئايەت وەلامی دەداتەوە:

أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ.[14]

---

12 تفسير القرطبـــي, تفسير آية الاحزاب 37

13فَأُلْقِيَ فِي نَفْس زَيْد كَرَاهَتهَا لِمَا عَلِمَ اللَّه مِمَّا وَقَعَ فِي نَفْس نَبِيّه مَا وَقَعَ. تفسير الطبري, في تفسير الاية 37 الاحزاب

14 الاحزاب 37

ژنی خۆت بگرەو تەڵاقی مەدەو لەخوا بترسە.

بەڵام ئەم ئایەتە کاریگەری بەسەر زەیدەوە نەبوو, چونکە بە باشی لەمەسەلەکە تێگەیشتبوو, بۆیە زەینەب تەڵاق دەدات. موحەممەدیش چاوەڕێ دەکات تا تەڕیی زەینەب تەواو دەبێت ئینجا لەگەڵیدا دەچێتە پەردەی زاوایەتییەوە.

ئەم زەواجەی موحەممەد بووە جێی مشتومڕی صەحابەکانو دەیانوت (چۆن دەبێت باوك بووکی خۆی مارە دەکات). چونکە بەلایانەوە ئەو ڕستەیەی موحەممەد زۆر گرنگ بووە کە پێشتر چەند جارێك وتبووی: (ئەی خەڵکی قورەیش ئێوە شاهید بن زەید کوڕی منە, میراتم دەگرێو میراتی دەگرم.) هەروەها لە دیدی موسڵماناندا موحەممەد کەسێکی پاکەو هەڵە ناکات, هەر قسەیەکیش بکات لە خۆوە نایکات, بەڵکو وەحییەو لە لایەن خواوە ئەو وەحییەی بۆ ڕەوانە کراوە. قورئانیش پاڵپشتی ئەم بۆچوونەیانەو لە قورئاندا دەربارەی موحەممەد نوسراوە:

وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى, إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى.[15]

15 سورة النجم 3و4

قسەو باسو گوفتاری لە هەوەسو ئارەزووەوە نییە, ئەوەی بۆی دێتو دەیلێت وەحییەو لە خواوە بۆی دێتو ئەو رایدەگەیەنێت.

لەبەر ئەم هۆیانە زەید کوڕی موحەممەدەو نابێت باوك بوكی خۆی مارە بكات. بەڵام موحەممەد وەك راهاتنێكی خۆیو بۆ بێدەنگكردنی خەڵكەكە, بەئایەتێك زەواجەكەی خۆی لە زەینەب حەڵاڵ دەكاتو بەشێوەیەك كۆتایی بە مشتومڕی صەحابەكان دەهێنێ كە وێنەی لە مێژووی بەشەرییەتدا نەبێت. ئەمەش ئایەتەكەیە:

وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا.[16]

ئەی پەیامبەر بۆ ئەو كەسە باس بكە (واتە بە زەید بڵێ) خوا ئیمانی پێبەخشیوەتو منیش ئازادیم پێبەخشیوەت,) واتە كاتی خۆی كافر بوویتو خوا ئیمانی پێبەخشیوی, هەروەها كۆیلە

16 الاحزاب 37

بوویت‌و پەیامبەر ئازادیی پێبەخشیویت) (لێرەدا خوا روودەکاتە پەیامبەرو پێی دەڵێت) ئەو کاتەی بە (زەید)ت وت (زەینەب) لەلای خۆت بهێڵەرەوە, (ئەی پەیامبەر ئەوە بۆ وات وت) لە خوا بترسە, تۆ دەتەوێ شتێك لەدڵو دەروونتدا بشاریتەوە کەچی خوا دەیەوێ ئاشکرای بکات.!؟ (واتە حەزت لە زەینەبەو لەبەر قسەی خەڵکی ناتەوێ بیدرکێنی, نەکا بڵێن پەیامبەر بوکی خۆی مارە دەکات, کەچی ئێمە وا ئاشکرای دەکەین, حسابیان بۆ مەکە چونکە) خوا لەپێشترە کە حسابی بۆ بکەیت‌و لێی بترسیت (نەك خەڵکی), جا ئەو کاتەی کە زەید (لەزەینەب) تێر بوو وە پێویستی پێ نەماو جیابوەوە, ئائەو کاتە زەینەبمان لەتۆ مارە کردووە (واتە بەتەڵاقدانی لەلایەن زەیدەوە یەکسەر لە تۆ مارە کراوە) بۆ ئەوەی هیچ شەرمەزارییەك بۆ ئیمانداران دروست نەبێت کەکەسێك ژنی بەناو کوڕی خۆی مارە دەکاتەوە, (رووگیر مەبەو زەینەب ببە بۆ لای خۆت‌و) هەمیشە فەرمانی خوا جێبەجێ بکە.

بەراستی مرۆڤ توشی تێڕامان دەبێت لەوەی ئایەتێکی لەم چەشنە لە قورئاندا ببینێتەوە.! بەتایبەتی کە ناوی (زەید) لە ئایەتەکەدا هاتووە.! وا دیارە ئەم ئایەتە نەك هەر لەلای ئێمە,

بەڵكو لەلای راڤەكارانی وەك ئیبن كەسیرو قورتوبیو زۆری تریش جێی سەرنج بووە, بۆیە قسەیەكی عائیشەیان نوسیوەتەوە كە وتویەتی: ئەگەر پەیامبەر شتێكی لە قورئان بەشاراوەیی بهێشتایەتەوە, ئەوا ئەم ئایەتەی بە شاراوەیی دەهێشتەوە.[17]

بەناوی ئەوەی كە خوا پرۆسەی مارەبڕینی موحەممەدو زەینەبی بەجێگەیاندووە, ئەم شێوە زەواجەش بۆ موحەممەد دەچێتەسەر. تەنها یەك پاساوی لۆژیكیش بۆ ئەم كارەی هەیە, ئەویش هەبوونی پاڵەپەستۆیەكی گەورەی پڕ لە ئارەزووی سێكسیی موحەممەدە , كە لەبەردەم بووكی خۆی, كە وەك كچی وایە, نەیتوانیوە خەفەی بكات.

ئەم سیناریۆیە, كە خوا زەینەبی لە موحەممەد مارە كردووە, وای لەزەینەب كردبوو بلێت من لە ئاسمانەوە مارە كراوم. شانازی بەخۆیەوە دەكردو بەژنەكانی دیكەی موحەممەدی دەگوت: كەسوكارتان ئێوەی داوە بەشوو, بەڵام من لەحەوت تەبەقەی ئاسمانەوە خوا بەشووی داوم. ئەمەش عائیشەی نارەحەت كردووەو هێناوییەتە قسە كە بلێ: پاكیزەیی منیش خوا لە

---

17 عائِشَة رَضِيَ اللَّه عَنْهَا أَنَّهَا قَالَتْ: لو كان محمداً كاتما شَيْئًا مِنْ القرآن لَكَتَمَ هذه الآية. تفسير ابن كثير, في تفسير الاحزاب 37

ئاسمانەوە دایەزاندووە.[18] واتە هەمووتان بەبێوەژنی شووتان کردووە بەموحەممەد تەنها من نەبێت بە کچێنی شووم پێکرد.

وا دەرکەوتووە ئەم ژنهێنانە بەلای موحەممەدەوە زۆر گرنگو جێی خۆشی بوو, چونکە (أنس) دەگێڕێتەوە: ئەو شاییەی بۆ زەینەب کراوە, بۆ هیچ یەکێ لە ژنەکانی موحەممەد نەکراوە.[19] ئیمامی بوخاری لە سەرگوزشتەیەکدا لە زمانی ئەنەسەوە نوسیویێتی: نەمدیوە موحەممەد نانی شایی بۆ ژنەکانی دروست بکات وەك ئەو نانەی بۆ زەینەب دروستی کرد, مەڕی بۆ سەربڕی.[20]

---

18 وَبِذَلِكَ كَانَتْ تَفْتَخِرُ عَلَى نِسَاءِ النّبِيّ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ وَتَقُولُ زَوّجَكُنّ أَهَالِيكُنّ وَزَوّجَنِي اللّهُ مِنْ فَوْقِ سَبْعِ سَمَوَاتٍ. ابن كثير, في تفسير آية الاحزاب37

19 تفسير القرطبـــي, تفسير آية الاحزاب 37

20 أولم النبي صلى الله عليه وسلم على شيء من نسائه كما أولم على زينب، أولم بشاة. باب: الوليمة ولو بشاة, حديث4873